گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# قۆناغەکانی پەرەسەندنی هونەری بیناسازی زەقورە لە ولاتی میزۆپۆتامیا

## چەند نموونەیەکی وەرگیراو

**م.ی رخصار عبدالغفور طه**
بەشی شوێنەوار، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.
rukhsar.taha@su.edu.krd

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠٢٣/٤/٢٥
پەسەندکردن: ٢٠٢٣/٦/٤
بڵاو کردنەوە:هاوین ٢٠٢٤

**ووشە سەرەکییەکان**
*Mesopotamia, Architecture art, Temple, Development, Ziggurrat*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.9.2.23

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە بوارێکە بۆ لێکۆڵینەوەکردن دەربارەی هونەری بیناسازی زەقورە لەسەرەتای سەرهەڵدانی تاکو دوا قۆناغەکانی پەرەسەندنی لە ولاتی میزۆپۆتامیادا کە بە چەند قۆناغێک وسەردەمێک تێپەریووە، زەقورە بریتییە لە شێوازێکی بیناسازی سەرەنجراکێش پەیوەستە بە بینای پەرستگا وشوێنە ئایینیەکان، وەکو بەشێکی سەرەکی لە بینای پەرستگا بەدیاردەکەوێت، بێگومان دەرکەوتنی بینای زەقورە دەگەرێتەوە بۆ کۆتاییەکانی(چاخی عوبەید) واتە(هەزارەی چوارەمی پێش زایین)، سەرەتا لە رووی بیناسازییەوە شێوەیەکی سادەی هەبووە لەسەر رووبەر و سەکۆیەکی بچووك دروستکراوە، پاشان لە سەردەمەکانی دواتر قۆناغ بە قۆناغ پەرەسەندنی بەخۆیەوە بینیووە لە سێ چین بۆ پێنج چین تاکو لە دوا قۆناغدا لە سەردەمی بابلی نوێدا(کلدانییەکان)گەیشتۆتە حەوت چینی سەرەکی، بەتایبەتی لە رووی نەخشە و شێوازی بیناسازیەوە، لە زۆربەی شارەکانی ولاتی میزۆپۆتامیا پاشماوەی بیناسازی زەقورە هەبووە لە هەندێک لە شارەکان دوو بۆ سێ زەقورەی لێبووە، کە هەریەک لەم زەقورانە لە کۆتا بەشی چینی سەرەوەی پەرستگایەکی لەسەر بنیاتنرابوو، ئەم پەرستگایە تایبەت بوو بە خواوەندی سەرەکی شارەکە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## پێشەکی :

شارستانیەتی میزۆپۆتامیا یەکێکە لەو شارستانیەتانەی کە دەوڵەمەندە بە چەندین داهێنان و دەستکەوتی شارستانی لە بوارە جیاوازەکانی ژیان، بەهۆی ئەو داهێنان و دەستکەوتانەوە کاریگەری کردۆتە سەر شارستانیەتەکانی تری دەوروبەری، مێژوو و شارستانیەتە کۆنەکەی گەواهیدەرێکی مەزنە و ناوەندێکی گرنگە بۆ توێژینەوە و بەدواداچوون.

بێگومان هونەری بیناسازی یەکێکە لە لایەنە گرنگەکانی شارستانیەت لە وڵاتی میزۆپۆتامیا، بەوپێیەی بیناسازی جۆراوجۆری بۆ بەجێهێشتووین لە شێوە وئەرک و کەرەستەی بیناسازیدا جیاوازن، بۆیە زۆربەی ئەو شوێنەوارانەی لە وڵاتی میزۆپۆتامیا دۆزراونەتەوە زیاتر سروشتێکی ئایینیان پێوە دیارە، سەرەتای دەرکەوتنی بیناسازی زەقورە دەگەڕێتەوە بۆ سۆمەرییەکان کە یەکێکن لەو نەتەوانەی چەندین پاشماوەی بەنرخیان لە دوای خۆیان بەجێهێشتووە، وەک نووسین و هونەری گڵێنەسازی و هەڵکۆڵین و بیناسازی... هتد، یەکێك لەو پاشماوە گرنگانە بیناسازی زەقورەییە، کە تاکو ئێستا وەکو شاکارێکی هونەری بیناسازی ماوەتەوە لە زۆرێک لە شارەکانی وڵاتی میزۆپۆتامیا ئەم پاشماوە شوێنەوارییە دەبینرێت.

هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە دەگەڕێتەوە بۆ گرنگی ئایین ورۆڵی بیناسازی ئایینی(زەقورە) لە وڵاتی میزۆپۆتامیادا، هەروەها بەدیارخستنی ئەو قۆناغانەی کە بیناسازی زەقورە تیایدا پەرەیسەندووە بە ئاماژەکردن بە چەند نموونەیەکی وەرگیراوی زەقورە کە پاشماوە بیناسازییەکەی ماوەتەوە دوایی تێپەڕبوونی چەندین سەدە بەسەر دروستکردنیان.

ئەم توێژینەوەیە بەشێوەیەکی گشتی سێ باس لە خۆدەگرێت لە باسی یەکەمدا تیشمان خستۆتە سەر سەرەتایەکی مێژوویی دەربارەی ئایین وهزری ئایینی لە وڵاتی میزۆپۆتامیا تیایدا باسمان لە پەیوەندی لایەنی بیناسازی بە لایەنی ئایینی (پەرستگا)ەوە کردووە و هەروەها باسمان لە چەمکی زەقورە وقۆناغەکانی پەرەسەندنی و بیرۆکە ومەبەست لە بەکارهێنانی زەقورە کردووە.

لە باسی دووەمی ئەم توێژینەوەیەدا ئاماژەمان بە پێکهاتە و کەرەستەی بنیاتنانی زەقورە کردووە وەکو قوڕ وخشتی سوورنەکراوە و سوورکراوە...هتد

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە باسی سێیەمدا تیشکمان خستۆتە سەر چەند نموونەیەکی وەرگیراوی زەقورە لە وڵاتی میزۆپۆتامیادا، تیایدا ئاماژەمان بە شوێنی جوگرافی و کاری هەڵکۆڵینی شوێنەواری و تایبەتمەندی بیناسازی ...هتد کردووە.

## باسی یەکەم: سەرەتایەکی مێژوویی دەربارەی ئایین و هزری ئایینی لە وڵاتی میزۆپۆتامیادا:

بێگومان بیروباوەڕی ئایینی بەشێکە لە ژیانی مرۆڤ و کاریگەری زۆری هەیە لەسەر لایەنەکانی تری، بەڵام شتێکی ئاسان نییە بزانیین کەی سەریهەڵداوە و دەرکەوتووە، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك بەڵگە هەن ئاماژە بەوە دەکەن لەگەڵ پەیدابوونی مرۆڤ هزری ئایینیش سەریهەڵداوە و هەبووە، هەرلەوکاتەی مرۆڤ لە چاخە بەردینەکاندا لە ئەشکەوتەکان ژیاوە، هەندێك وێنە و هێمای لەسەر دیواری ئەشکەوتەکان نەخشاندووە کە ئەم وێنە وهێمایانە لە ئەشکەوتەکانی وڵاتی فەرەنسا و ئیسپانیا ... دۆزراونەتەوە وەکو ئەشکەوتی (لاسکو[1] والتامیرا[2]) ئەم وێنە و هێمایانە ئاماژەیەك بوون بۆ هەبوونی هزری بیروباوەری ئایینی لەو سەردەمەدا لەوانەیە بۆ مەبەستی ئایینی و جادووی بێت یاخود بۆ مەبەستی سوود لێوەرگرتن بێت بۆ ڕاوکردنی ئاژەڵ.(ابراهیم، 2003، ص105؛ صالح، 2019، ص33)

ئێمە دەزانین کە مرۆڤی کۆن هەموو شتێکی بە زیندوو سەیرکردووە، هەر لەسەر ئەم بنەمایەدا بیروباوەری ئایینی خۆی بنیاتناوە و زۆر لە دیاریدە سروشتیەکان ترساوە بۆ ئەم مەبەستەش بۆ هەر دیاریدەیەکی سروشتی لە گەردوون خوداوەندێکی پەرستووە تاکو ژیانی پارێزراو بێت لەم دیاردە سروشتیانە.(فرانکفورت، 1960،ص22) بەڵام دوایی ئەوەی مرۆڤ لە چاخی بەردینی ناوەڕاستدا(9000-7000 پ.ز) ئەشکەوتەکانی بەجێهێشت و لە نشینگە کاتییەکاندا نیشتەجێبوو لەم قۆناغی گواستنەوەیەدا چەند گۆڕانکاریەک لە هزری بیروباوەری ئاینی مرۆڤدا سەریهەڵدا،

[1] لاسکۆ: دەکەوێتە وڵاتی فەرنسا لە دۆڵی ڕوباری دۆردۆن لە ساڵی (١٩٤٠) بە ڕێکەوت لەلایەن چەند منداڵێک دۆزرایەوە کە یاریان دەکرد لە نزیک ئەشکەوتەکە. (الكسار، 1983، ص25)

[2] التامیرا: ئەم ئەشکەوتە دەکەوێتە چیای کانتبری لە هەرێمی ساتتاندر لە باکوری ئیسپانیا لە بەناوبانگترین ئەشکەوتەکانی سەردەمی بەردینی کۆنە کە چەندین وێنەی ڕەنگاوڕەنگی تێدا دۆزرایەوە. (حماد، 2008، ص176)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەتایبەتی لە ڕووی ناشتنی مردووەکاندا کە چەند ڕێوڕەسمێکی ئایینی ئەنجامداوە، بەڵگەش بۆ ئەمە دۆزینەوەی چەند کەلوپەل و پێداویستیەکی تایبەت بوو بە مردووەکە کە لە گۆڕەکانی نشینگەی(زاوی چەمی[1]) دۆزراونەتەوە.(ابراهيم، 2003،ص107)

بێگومان دەستنیشانکردنی هزری ئایینی لە وڵاتی میزۆپۆتامیا کارێکی ئاسان نییە بەهۆی نەبوونی پاشماوەی نووسین لە چاخەکانی پێش مێژوودا، یاخود کەمی ئەنجامدانی کاری هەڵکۆڵینی شوێنەواری، لەگەڵ ئەوەشدا لە هەزارەی حەوتەمی پێش زایینا لە (گوندی چەرمۆ[2]) نزیك قەزای چەمچەماڵ چەند بوکەڵەیەکی قوڕین دۆزرایەوە، شوێنەوارناسان بە خوداوەندی دایك ناویان بردووە و ئاماژە بەوە دەکەن کە بەمەبەستی بە پیتی زەوی کشتوکاڵی پەرستراوە ئەمەش ئاماژەیەکی ڕوونە کە ئایین و هزری ئایینی لەم سەردەمەدا واتە لە چاخی بەردینی نوێدا (٨٠٠٠-٥٦٠٠ پ.ز)[3] بەشێوەیەکی بەرچاو هەبووە، هەروەها لە شارستانیەتی حەسونە (6000-5000 پ.ز)[4] بەهەمان شێوە پەیکەر یاخود بوکەڵەی خوداوەندی دایك (الآلهة الام - Mother Goddess)دۆزراوەتەوە کە بەمەبەستی بە پیتی زەوی کشتوکاڵی پەرستراوە، بەڵام هیچ

---

[1] زاوی چەمی: گوندێکی بچووکە دەکەوێتە لێواری زێی گەورە بە دووری(4کم) لە ڕۆژئاوایی ئەشکەوتی شانەدەر وە بە بەرزی (٤٢٥م) لە ئاستی ڕووی دەریاوە. (الشيخ، 1985، ص43)

[2] گوندی چەرمۆ: یەکێکە لە گوندە کشتوکالیەکانی وڵاتی میزۆپۆتامیا، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ (٦٧٥٠ پ.ز) واتە سەردەمی بەردینی نوێ، دەکەوێتە دووری (11کم) لە ڕۆژهەڵاتی شاری چەمچەماڵ لە پارێزگای کەرکوک. (البدراوي، 1985، ص292)

[3] چاخی بەردینی نوێ: لەم سەردەمەدا گۆڕانکاری لە تەواوی ژیانی مرۆڤایەتیدا ڕوویدا بە تایبەتی لە ڕووی ئابوورییەوە، چەند گوندێکی کشتوکاڵی دەرکەوتن ومرۆڤ توانی لە شوێنێکی دیاریکراودا نیشتەجێ بێت و کشتوکاڵ بکات، جگە لەوە لەڕووی دروستکردنی ئامراز و پێداویستیەکانی پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینی، ئەم سەردەمە لە وڵاتی میزۆپۆتامیا و هەندێ وڵاتی ڕۆژهەڵاتی کۆن دابەش دەکرێت بۆ دوو ماوە، ماوەیی پێش گڵێنەسازی و ماوەیی گڵێنەسازی .(ابراهيم، ٢٠٠٣، ص٤٢)

[4] شارستانیەتی حەسونە: ئەم شارستانیەتە دەکەوێتە دووری ( ٣٥کم) لە باشوری شاری موصل، شێوەیەکی هێلکەیی هەیە، ڕووبەرەکەی (٢٥٠م٢ )، وە بەرزی گردەکە نزیکەی ( ٧م)، لەساڵی (١٩٤٢) لەم گردە هەڵکۆڵینی شوێنەواری تیدا ئەنجامدراوە. (صالح، 1987، ص69)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پاشـماوەیەکی بیناسـازی پەرسـتگا لە چاخە بەردینی نوێدا نەدۆزراوەتەوە.(عبدالله، 1983، ص11-12 ؛ صالح، 2019، ص34)

## 1. پەیوەندی لایەنی بیناسازی بەلایەنی ئایینی (پەرستگا)ەوە:

بە گوێرەیی بیروباوەڕی دانیشـتوانی وڵاتی میزۆپۆتامیا پێیان وابووە مرۆڤ بۆ ئەوە دروسـت بووە تاکو خزمەتی خوداوەندەکان بکات، هەر لەســەر ئەم بنەمایە بە بێ بوونی خوداوەندەکان گوند و نیشـینگە وشـارەکان دروسـت نابن، هەربۆیە خوداوەندەکان پێویسـتیان بە شـوێنی تایبەت هەیە بۆ نیشــتەجێبوون، هەربۆیە هەر شــارە و پەرســتگا و خوداوەندێکی تایبەت بە خۆی هەبوو وپەیکەری خوداوەندەکانیان لەسەر شێوەی مرۆڤ دروستدەکرد لە پەرستگای سەرەکی دایاندەنان. (العجیلي، 2011، ص5) کۆنترین پەرستگای سەر زەوی کە تاکو ئێستا دۆزرابێتەوە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی شارستانیەتی سامەرا(5500- 4900 پ.ز) ئەم پەرستگایە پێکهاتبوو لەبینایەکی گەورە لە شێوەی پیتی (T) ئینگلیزیدایە لە(14) ژوور پێکهاتبوو لە خشتی سوورنەکراوە دروستکرابوو دیوارەکەشی بە قوڕ سـواغ درابوو (نموونەی وێنەی1)، شـوێنەوارناسـان پێیان وایە کە ئەم بینایە پەرسـتگا بێت بەڵگەشــیان بۆ ئەمە دۆزینەوەی چەند پەیکەرێکی لە مەڕمەڕ دروســتکرابوو کە پێدەچێت پەیکەری خوداوەندی دایک بێت کە بەمەبەســتی بە پیتی زەوی پەرســتراوە.(عبدالله، 1983،ص12-13 ؛ رمیض، 2005، ص187)



نموونەی وێنەی1 (البدراوي، 1985، ص297)

بێگومان هونەری بیناســازی لە وڵاتی میزۆپۆتامیادا پەیوەســتە بە کۆمەڵێک هۆکاری ســروشــتی و سـیاسـی وئابووریەوە، گرنگترین هۆکار کە کاریگەری ئاشکرایی هەیە لەسـەر پەرەسـەندنی هونەری بیناسـازی، هۆکاری ئایینیە، هەربۆیە ڕۆڵی هونەری بیناسـازی بە پلەی یەکەم بۆ خزمەتی ئایین بووە،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەربۆیە فەرمانڕەوا و پاشاکان بۆ بەدەستهێنان و شەرعیەتدان بە دەسەڵاتیان هەستاون بە بنیاتنان و دروستکردنی بینای ئایینی بۆ ئەوەی ڕەزامەندی خوداوەندەکان بەدەستبهێنن. (صالح، 2019، ص73)

کۆنترین بینای (پەرستگای پلەدار) تاکو ئێستا لە وڵاتی میزۆپۆتامیا دۆزرابێتەوە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی (شارستانیەتی عوبەید)[1] کە بریتی بوو لە ژوورێکی بچووک دروستکرابوو بە خشتی سوورنەکراوە شێوەکەی تاڕادەیەک چوارگۆشە بوو، گۆشەکانی ڕوویان لە چوار ئاراستەکە بوو، درێژیان (٣مx٣م) بوو، بەڵام بە تێپەربوونی سەردەم و هۆکاری پەرەسەندنی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری ، بینای پەرستگا گەورەتر وفراوانتر بوو لە ڕووی قەبارە و زیادبوونی ژمارەی بینا و ژوورەکانی، هەروەها دەرکەوتنی تایبەتمەندیەکی تر لە پەرستگا ئەویش دابەشکردنی پەرستگا بوو بۆ دووبەش، بەشێکیان بۆ تەواوی خەڵکەکە بوو ئەوەی تر تایبەت بوو بە کاهینەکانی پەرستگا. (باقر وآخرون، 1980، ج2، ص27)

بێگومان لە پاش ئەم سەردەمە ئیتر مرۆڤ بەردەوام بوو لەسەر چالاکیە ئایینیەکانی هەروەها لەناوچەکانی نیشتەجێبوونیدا بینای پەرستگایان دروستدەکرد بۆ پەرستنی خوداوەندەکان، جگە لەوە لەسەر شێوەی مرۆڤ بەرجەستەیان دەکرد و پەیکەریان بۆ دروستدەکردن، بەمشێوەیە ئەم چالاکیە ئایینیەی مرۆڤی کۆن بەردەوام بوو درێژبوویەوە بۆ سەردەمەکانی دواتر.(ابراهيم،2003،ص112) لەگرنگترین تایبەتمەندییەکانی پەرستگای وڵاتی میزۆپۆتامیا ئەوە بوو کە بیناکە دابەشکرابوو بۆ سەر دوو جۆر، جۆری یەکەم پێدەوترا پەرستگای بەرز کە دەناسرێت بە زەقورە (تاوەری پلەدار) لە بەشی سەرەوەی پەرستگا هەیە، ئەوەی تر پەرستگای سەر زەوی، لەگەڵ ئەوەشدا پێویست نەبوو کە هەموو پەرستگایەک زەقورەی هەبێت. (ساكز، 1979، ص410 )

پەرستگا پەیوەندیەکی پتەوەی بە ژیانی خەڵکەوە هەبووە وشوێنی پەرستنی خوداوەند و بەڕێوەچوونی ڕێورەسمە ئایینیەکان بووە، بێجگە لەمەش پەرستگا شوێنی چارەسەرکردنی

[1] شارستانیەتی عوبەید: سەبارەت بە ناوی ئەم سەردەمە وەرگیراوە لەناوی جوتیارێک بەناوی عوبید کە نیشتەجێبووە لە نزیکی گردەکە، ئەم گردە نزیکەی (٦كم) لە باکوری رۆژئاوایی شاری ئور دووره. (باقر، ٢٠٠٩، ص٢٤٧)

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کێشـــەکانی خەڵك بووە واتە وەك دادگای ئەمرۆ وابووە کاهینەکانیش ڕۆڵی دادوەریان گێڕاوە، بەمشێوەیە دادوەریان لەنێوان خەڵك کردووە و چارەسەری کێشەکانیان کردوون، سەرەڕایی ئەوە یاسـاکان لەلایەن پەرسـتگاوە دەردەچوون وجێبەجێدەکران، لە ڕووی ئابووریشـەوە ڕۆڵێکی گرنگی گێڕاوە وەکو بانکی ئەمرۆ وابووە شـوێنی دانان و جێگیرکردنی نرخی کاڵا و دیاریکردنی کێش و پێوانەکان بووە.(باقر، 1947، ص12؛ العامری، 2004، ص82)

## 2. چەمکی زەقورە وقۆناغەکانی پەرەسەندنی:

زەقورە بریتیە لە تەلارێکی بەرز لە چەندین چینی لەسـەر یەک پێکدێت، لە یەک چین بۆ سێ چین و تاکو دەگاتە حەوت چین (سـەکۆ)، بناغەی زەقورە شـێوەیەکی چوارگۆشـەیی یاخود لاکێشـەیی هەبووە، بیرۆکەی دروسـتکردنی زەقورە لەسـەر چەندین سـەکۆ دەگەڕێتەوە بۆ دروسـتکردنی یەکەم پەرسـتگا لەبەشـی باشـوری وڵاتی میزۆپۆتامیا، کە لەسـەر سـەکۆیەکی بەرزتر بوو لە ئاسـتی ڕووی زەوی، هەروەها بۆ ئەوەی پەرسـتگا شـکۆ و گرنگیەکی ئایینی هەبێت بە بەراورد بە بیناکانی تری دەوروبەری ئەوە لەلایەک لەلایەکی ترەوە بۆ ئەوەی دوور بێت لە ئەگەری ڕوودانی کارەسـاتی سروشتی بەتایبەتی لافاو. (سلیمان، 1993، ج2، ص123)

زەقورە لەڕووی زمانەوانیەوە وەرگیراوە لە ووشـەی ئەکەدی Ziqqurratu(m) (زیکوراتوم) و کە لە بەرامبەردا لەزمانی سـۆمەری بە($U_4$.NIR) هاتووە، توێژەران ڕای جیاوازیان هەیە لەسـەر مانای ووشـەکە بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا هەموو ماناکان لە چوارچێوەی (بینایەکی بەرز کە لەبەشـی سـەرەوەی پەرسـتگا هەیە) دەرناچێت، هەندێک لە توێژەران بە (تاوەری پەرسـتگا) ماناکەیان شـیکردۆتەوە، وە هەندێکی تر بە (پەرسـتگای بەرز) و (تاوەری پلەدار) شـیانکردۆتەوە هەروەها پێشـووتراوە (لوتکەی چیا).(جرك، 1998، ص5) زەقورە بریتیە لە یەکەیەکی بیناسازی پەیوەستە بە پەرسـتگاکان لە زۆربەی شـارە سـەرەکییەکانی وڵاتی میزۆپۆتامیادا پاشـماوەی ئەم شـێوازە بیناسازییە دەبینرێت، گەلانی وڵاتی میزۆپۆتامیا ئەم زاراوەیان بەکارهێناوە بۆ ئەو بینا ئایینیانەی کە لە چەند چینێك پێکدێت لەبەشی سەرەوەی پەرستگا هەیە.(عبدالواحد، وسلیمان، 1979، ص112) لەسـەر بەرزایی دەسـتکردەکەی زەقورە پەرسـتگایەکی بچووك هەیە کە بە پەرسـتگای بەرز (المعبد العلوی) ناسراوە ئەم پەرستگایە تایبەت کراوە بە خوداوەندی سەرەکی شارەکە،(عبدالواحد، وسلیمان،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

1979، ص112) سەبارەت بەم پەرستگایە چەند ناوێکی پێوتراوە لەوانە gigunû(m) کەئاماژەیە بۆ (بینای پیرۆز دروستکراوە لەسەر سەکۆ)، هەروەها شیکراوەتەوە بە (پەرستگای بەرز) کە بە زمانی سۆمەری بە مانای ( $GI.GUN_4.NA$ - GI.GÙ.NA )هاتووە. (جرك، 1998، ص6)

چوار لاکانی زەقورە ڕوویان لە هەر چوار گۆشە سەرەکیەکەیە، هەروەها لە زۆربەی زەقورەکانی وڵاتی میزۆپۆتامیادا سێ پەیژەی سەرەکی هەیە کە ڕووی لە باکوری ڕۆژهەڵاتە یەکێك لە پەیژەکان لەناوەڕاستی بینای زەقورەکەیە و دووانەکەی تر لەتەنیشت بیناکە دروستکراون.(الصيوانى، 1961، ص26-28) چوار لاکانی دیواری زەقورە ڕازاوەتەوە بە نەخشی بیناسازی کە ناسراوە بە (طلعات و دخلات) ئەم شێوە بیناسازییە هونەرییە بینای پەرستگا لە تەواوی بیناکانی تری دەوروبەری جیا دەکاتەوە کە یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی هونەری بیناسازی لە وڵاتی میزۆپۆتامیادا.(على، 1996، ص229) پاشماوەی بیناسازی زەقورە لە زۆرێک لە دیمەنە هونەرییەکان دەردەکەوێت، وەکو ئەم دیمەنە (نموونەی وێنەی2) کەلەسەر چاپی مۆرێکی سەردەمی ئاشوری ناوەڕاست (1500-911 پ.ز) قۆناغەکانی دروستکردنی زەقورە پێشان دەدات. (Aruz and Wallenfels, 2003, p.492)



نموونەی وێنەی2 (جرک، 1998، شکل118)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 3. بیرۆکەی بنیاتنانی زەقورە:

لەگەڵ ئەوەی زۆر بیروڕای جیاواز هەیە لەسەر بنیاتنانی زەقورە بەڵام، هەروەك دەردەکەوێت بیرۆکەی دروستکردنی زەقورە دەگەڕێتەوە بۆ سۆمەرییەکان[1] کە گەلێکی چیایین ڕاهاتوون نیشتەجێبن لە (ناوچە بەرزەکان) هەروەها پەیکەری خوداوەندەکانیان لەسەر(گردی بەرز) دادەنا، بەڵام لە دوای ئەوەی سۆمەرییەکان نیشتەجێبوون لە دەشتە نزمە لیتەییەکانی دەوروبەری ڕووباری فورات لە ناوچە بەرزە گونجاوەکان خوداوەندەکانیان دەپەرست هەروەك دابونەریتی کۆنی خۆیان، پاشان دەستیانکرد بە دروستکردنی گردی دەستکرد بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو کەم وکوڕییە سروشتیەیی کە لەناوچەکەدا هەبووە، بەمشێوەیە ئەو پێویستیە واقعیە پاڵی پێوەناون بۆ دروستکردنی هەموو بیناکان لەسەر بناغەیەکی بەرز بۆئەوەی ژیانیان پارێزراو بێت لە ئەگەری ڕوودانی لافاوە وەرزییەکان وجەنگ و داگیرکاری...هتد.(وولی، 1947،ص66-68)

بەڵام ئەم بیرۆکەیە لەلایەن توێژەرە نوێیەکان ڕەتکرایەوە، ئەوەی ڕوونە هۆکاری دروستکردنی زەقورە دەگەڕێتەوە بۆ نزیکیان لە ئاسمان کە شوێنی نیشتەجێبوونی خواوەندەکانە کاتێک لە ئاسمانەوە بۆ سەر زەوی دادەبەزێت، بۆ ئەوەی پشووێکی کاتی بدات.(ساکز، 1979، ص410 ؛باقر، 1980،ج2، ص226-227 ؛ رو، 1984، ص228)

## 4. مەبەست لە بەکارهێنانی زەقورە:

زۆر بیروبۆچوون وبیردۆزەی جیاواز هەیە سەبارەت بە مەبەست و ئامانج لە بنیاتنانی زەقورە لەوانە:

**یەکەم: کرداری ڕێورەسمی ئایینی:** زەقورە وەکو پردێك وایە لە نێوان پەرستگای ژێرەوە کاتێك ڕێورەسمی ئایینی تیایدا ئەنجامدەدرێت و پەرستگای سەرەوە کە دەکەوێتە(ناوەراستی ناوچەی جیاکەرەوە لە نێوان زەوی و ئاسمان) لەو شوێنەی مرۆڤ و خوداوەند بەیەکدەگەن لە ڕێورەسمە تایبەتەکان بە گوێرەیی بیروباوەری دانیشتوانی وڵاتی میزۆپۆتامیا.(رو، 1984،ص228)

[1] سۆمەرییەکان: سۆمەرییەکان بە کۆنترین گەل دادەنرێن کە لە وڵاتی دوو ڕووبار نیشتەجێبوونە، ئەم گەلە توانیان یەکەمین شارستانیەت لە بەشی باشوری وڵاتی میزۆپۆتامیا پێکبهێنن کەناسرا بە وڵاتی سومر. (الأحمد، 1975، ص41)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**دووەم: ناوەندی گەردوونی(مركز فلكي):** زەقورە وەکو ڕوانگەیەکی گەردوونی (مراصد فلكية) بەکارهاتووە بۆ چاودێریکردنی ئەستێرەکان و تۆمارکردنی گۆڕانکارییەکانی کەش وهەوا، ئەم ڕایەش لەوە سەرچاوە دەگرێت لەبەر ئەوەی لە ڕووی زانستی گەردووناسی دانیشتوانی وڵاتی میزۆپۆتامیا بەناوبانگ بوون، سەرەڕای ئەوەی ڕوانگەیەکی سەربازی بووە بۆ جموجۆڵی سوپا و دیاریکردنی کاتی هێرش بردن، هەروەها بەکارهاتووە بۆ پێشبینیکردنی ڕووداوەکانی (مانگ گیران و خۆرگیران) بەتایبەتی ئەو ڕووداوە پێشبینیکراوانەی پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە خودی پاشاوە هەیە.(الموسوي، 2013، ص138 ؛ كامل ومحمد، 2016، ص168)

**سێیەم: بەکارهێنانی زەقورە بۆ ئەنجامدانی ڕێوڕەسمی هاوسەرگیری پیرۆز (الزواج المقدس[1]):**
زەقورە پەیوەندییەکی پتەوی بە ئەنجامدانی ڕێوڕەسمی هاوسەرگیری پیرۆز(الزواج المقدس) هەوە هەیە، کاتێك خوداوەند لە بۆنەی دیاریکراو لە پەرستگا دادەبەزێت وەکو جەژنی سەری ساڵ(عيد اكيتو) و هاوسەرگیری پیرۆز بۆ ئەم مەبەستە پێویستە شوێنێکی تایبەتی بۆ تەرخان بکرێت بۆئەوەی پشوو بدات.(سليمان، 1992،ج1، ص171) لەسەر لووتکەی زەقورەدا (کاهن و کاهینە) دادەنیشتن بۆ هەڵبژاردنی کەسێکی شیاو بۆئەوەی ڕۆڵی ئەوکەسە بگێڕێت کە هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی هاوسەرگیری پیرۆز.(الباشا، 1956،ص45)

## باسی دووەم: پێکهاتە و کەرەستەکانی بنیاتنانی زەقورە:

**یەکەم: قوڕ (الطين):**
ژینگەی سروشتی ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە دیاریکردنی جۆری کەرەستەی بەکارهاتوو لە دروستکردنی بینادا، سەرەڕایی ئەوە ڕۆڵی هەیە لە پاراستنی مرۆڤ و دیاریکردنی جۆری شوێنی نیشتەجێبوونی گونجاو، هەربۆیە ئەو شوێنانەی کەبەردو داری لێی نەبووە مرۆڤ پەنای بردووە بۆ بەکارهێنانی ئەو

[1] هاوسەرگیری پیرۆز: هاوسەرگیری پیرۆز یاخود هاوسەرگیری خوداوەندی بریتیە لەو هاوسەرگیرییەی لە نێوان خوداوەند و خوداوەندی بە پیتی ئەنجامدەدرێت، حاکم یان پاشا هەڵدەسێت بە گێڕانی ڕۆڵی خوداوەند لەگەڵ یەکێک لە کاهینە ژنەکان لە پلەی باڵا کە خوداوەندی بە پیتی و زۆر بوونە، ئامانج لە ئەنجامدانی ئەم هاوسەرگیرییە بۆ مەبەستی بە پیتی وزۆربوونی بەرووبوومە لە وڵاتی میزۆپۆتامیا، بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە : (النعيمي، 2011، ص133)

کەرەستانەی کەلە ناوچەکەدا هەبوو وەکو ناوچەی زۆنگاوەکان کە قامیشیان بەکارهێناوە، هەروەها قوڕ لە ناوچەی دەشت و لێواری ڕووبارەکان کە دانیشتوانی وڵاتی میزۆپۆتامیا بە پانتایەکی فراوان سوودیان لەو کەرەستەیە بینیووە، پاشماوەی ئەم کەرەستەیە لە زۆرێک لە بینای زەقورەکان و پاشماوە بیناسازییە ئاینییەکانی وڵاتی میزۆپۆتامیا دەبینرێت، (التمیمی، 1982، ص276-277)

ئەم کەرەستە بیناسازییە بە چەندین شێوە بەکارهاتووە بە گوێرەیی پێشکەوتن و ڕێزبەندی قۆناغە مێژووییەکان، لەبەر ئەوەی ئەم کەرەستەیە لە باکور و باشوری وڵاتی میزۆپۆتامیا دەستدەکەوێت، کەرەستەیەکی بەردەستە و هەروەها ئابوورییەکی کەمی تێدەچێت و زیاتر بەرگەی سروشت دەگرێت.(سعید، 1985،ج3، ص97)

قوڕ بەکارهاتووە لەبیناکان وەکو ماددەی دروستکردن بۆ پارێزگاریکردن لە ڕادەی پلەی گەرمی لە زستان و ساردی لە وەرزی هاوین، هۆکارێکی تر دەگەڕێتەوە بۆ گرنگی و پیرۆزی قوڕ لە ڕوانگەی خەڵکی وڵاتی میزۆپۆتامیا کە باوەڕیان وایە مرۆڤ لە کەرەستەی قوڕ دروستکراوە لەسەر ئەم بنەمایە قوڕ بەشێکە لەپیرۆزی و ڕێز لە تێروانیی خەڵکی وڵاتی میزۆپۆتامیا، لەبەرئەوەی (اللبن) خشتی کاڵ پێکدێت لە قوڕی سوورنەکراوە بۆیە زۆربەی زۆری بینا ئاینیەکان لە کەرەستەی قوڕ دروستکراوە وەکو پەرستگاکان و زەقورەکان.(رشید، 1981، ص35) هەروەها قوڕ بەکارهاتووە وەکو کەرەستەیەکی لکێنەر (رابطة) بۆ بەیەکەوە بەستنی نێوانی خشتەکان، سەرەڕایی ئەوە ماددەی قیریش بۆ لکاندنی چینی نێوان خشتەکان لە زۆرێک لە پاشماوەکانی بیناسازی زەقورەدا بەکارهاتووە.(الشهوانی، 2003، ص107)

**دووەم: خشتی سوورنەکراوە (اللبن):**

قوڕ لە بیروبۆچوونی دانیشتوانی وڵاتی میزۆپۆتامیا مادەیەکی پیرۆزە ، لەبەر ئەوەی خشتی سوورنەکراوە لە قوڕ دروستدەکرێت بۆیە هەمان پیرۆزی قوڕی هەیە، لەبەرئەوە کەرەستەی سەرەکی بووە بۆ بنیاتنانی پەرستگا و زەقورەکان لە وڵاتی میزۆپۆتامیادا. (رشید، 1981، ص35)بیناسازەکانی وڵاتی میزۆپۆتامیا کەرەستەی(خشتی کاڵ) یان لە سەردەمێکی زۆر کۆنتر بەکارهێناوە بە بەراورد بە شارستانیەتە کۆنەکانی تر، ئەم کەرەستەیە لە دەوروبەری هەزارەی پێنجەم و سەرەتای هەزارەی چوارەمی پێش زایین واتە نزیکەی(6000)ساڵ پێش زایین بەکارهاتووەو

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

زانراوە وەکو ماددەیەکی بیناسازی بە شێوەیەکی هونەری ناوازە دیوارو بیناکانی پێڕازێنراوەتەوە.(سعید، 1988، ص419-420) بیناسازە کۆنەکان چەندین شێواز و پێوانەی جیاوازیان لە قەبارەی خشتەکان بەکارهێناوە، بەتایبەتی لەسەردەمی سەرهەڵدانی بنەماڵەکان جۆرە خشێک بەرهەم هێناوە ناسرابوو بە خشتی ئاست قۆقز (اللبن المستوى المحدب Plano Convex) کە شێوازێکی تایبەت بوو بەم سەردەمە، بووە هۆکارێک بۆ دۆزینەوەی مێژووی بیناکانی ئەم سەردەمە کە بەم جۆرە خشتە دروستکرابوون لە کاتی هەڵکۆڵیندا.(سعید، 1985،ج3، ص98)
لەگەڵ تێپەڕبوونی قۆناغەکان مرۆڤ تێبینی ئەوەی کرد کە مادەی قوڕ لەدوای ووشکبوونەوە دەگاتە قۆناغێکی بەهێزتر، دوای ئەوەی بە ڕێگای قالب دروستدەکران بەرگەی زیاتری دەگرت و کارکردنی ئاسانتر بوو، هەروەها تێبینی ئەوەی کرد لەدوای تێکەڵکردنی ماددەی (کا) قوڕەکە بەهێز تر دەبێت، دوای ئەوەی بۆماوەی چەند ڕۆژێک قوڕەکە بەجێدەهێلرا بۆئەوەی خۆی بگرێت، پاشان بە ڕێگەی قالب خشتەکان دروستدەکران لەسەر شێوەی چوارگۆشە یاخود لاکێشە بە پێوانەی جیاواز و بۆماوەی چەند ڕۆژێک لەبەر خۆر دادەنران بۆئەوەی ووشک ببێتەوە پاشان بەکاردەهات بۆ دروستکردنی بیناکان.(عمیري، 2010، ص88)
لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەی شیکاری لە نموونەی خشتی سوورنەکراوە دەرکەوتووە باشترین جۆری قوڕ بۆ دروستکردنی خشتی سوورنەکراوە ئەو جۆرەیە کە ڕێژەیی لیتەیی(الغرین) یەکسانە بە ڕێژەی لمەکەی (الرمل) ، بەڵام ئەم جۆرە قوڕە لە هەموو ناوچەیەکدا دەستناکەوێت، لەسەر ئەم بنەمایە خەڵکی وڵاتی میزۆپۆتامیا هەستاون ئەو جۆرە قوڕەیان بەکارهێناوە کە لە ئەنجامی شەپۆلی ڕووبارەکان دروست دەبێت ، هەرچەندە ڕێژەیی لیتەیی لەم جۆرە قوڕەدا زۆر زیاترە بەراورد بە ڕێژەیی لمەکەی، هەربۆیە هەستاون بە تێکەڵکردنی ماددەی(کا) و پاشماوەی ئاژەڵ بۆئەوەی نەرم بێت لەلایەک، لەلایەکی ترەوە بۆئەوەی لەدوای ووشک بوونەوە بەباشی یەکتری بگرێت و هەڵنەوەشێتەوە.(رشید، 1981، ص44-45)
بە گشتی شێوەی خشتەکان چوار گۆشەیی و لاکێشەیی بووە، بە پێی ئەو بینایەش کە خشتەکەی بۆ دروستدەکرا شێوەو قەبارەکەی دەگۆڕا، شێوە و قەبارەیان لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر جیاوازبوو ، بێگومان خشتی سوورنەکراوە ڕۆڵێکی کاریگەری هەبوو لە دروستکردنی بیناکانی وڵاتی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

میزۆپۆتامیادا دەتوانین بڵێنن 95% بیناکان بە خشتی سوورنەکراوە دروستکراون. (المنمي، 2005، ص8-9)

**سێیەم: خشتی سوورکراوە(الاجر-طابوق):**

لەبەرئەوەی خشتی سوورنەکراوە لە دەشتە لیتەییەکانی وڵاتی میزۆپۆتامیا بەرگەی شێ(رطوبة) ناگرێت بەتایبەتی لە ناوچەی زۆنگاوەکان بەردەوام ڕووبەڕووی لافاو دەبێتەوە وێرایی ئەمەش بەرزبوونەوەی ڕێژەیی ئاوی ژێرزەوی، هەربۆیە پێویست بوو کەرەستەیەکی تر دروست بکرێت بۆ ئەوەی بەرگەی زیاتری شێ بگرێت، بۆ ئەمەش بیناسازەکان بیریان لەوەکردەوە خشتی سوورنەکراوە بگۆڕن بۆ خشتی سوورکراوە، کە بۆیەکەمجار ئەم جۆرە خشتە لە شارستانیەتی وەرکا لە بیناکانی شاری ئەریدۆ لە ڕۆژئاوایی وڵاتی میزۆپۆتامیا دەرکەوت پاشان بڵاوبوویەوە لە سنورێکی بەرفراوان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و گوێزرایەوە بۆ شارستانیەتەکانی وڵاتی هند و صین.(التميمی، 1982، ص277)

هەربۆیە دانیشتوانی وڵاتی میزۆپۆتامیا لە ناوەڕاستی مانگی ئایاردا دەستیان دەکرد بە دروستکردنی خشت واتە دوای تەواوبونی وەرزی باران بارین تاکو ناوەڕاستی مانگی تشرینی یەکەم، ئەو مانگەی کە دەستیان دەکرد بە بڕینی خشت بە زمانی سۆمەری پێیان دەووت (مانگی خشت لە قالبدان) ئەمەش ئاماژەیەکە دووپات لەوە دەکاتەوە کە پێش دەستپێکردنی پیشەسازی خشتی سوورنەکراوە و سوورکراوە چەند ڕێورەسمێکی تایبەتیان ئەنجامداوە، لەبەر ئەوەی خەڵکی وڵاتی میزۆپۆتامیا ناوی مانگەکانی کۆنیان بەناوی ڕێورەسمێکی تایبەت ناودەنا، هەروەها گرنگی و پیرۆزی ئەم پیشەسازییە لەلای خەڵکی وڵاتی میزۆپۆتامیا دەردەکەوێت، لەبەر ئەوەی زۆربەی گوند و بینا و پاشماوە بیناسازییەکان لەم کەرەستەیە دروستکرابوو.(رشید، 1981، ص36-37)

لە سەردەمی سۆمەری نوێدا، بەتایبەتی بنەماڵەی ئوری سێیەم ( 2113-2006 پ.ز) بەشێوەیەکی بەرفراوان بەکارهاتووە بۆ دروستکردن و بنیاتنانی پەرستگاو بینا و گۆڕەکان بەتایبەتی لە دروستکردنی زەقورەی ئوردا، جگەلەوە لەسەردەمی بابلی نوێدا (626-539 پ.ز) لەسەردەمی فەرمانڕەوایی پاشا نەبوخذنەصری دووەم(604-562 پ.ز) لە دروستکردنی زەقورەی بابل

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەکارهاتووە بەڵام بۆ دروستکردنی بینای پەرستگاکە ئەوا خشتی سوورنەکراوە بەکارهاتووە.(سعید، 1988، ص426)

بەشێوەیەکی گشتی شوێنی دروستکردنی خشت لە نزیک شوێنی دروستکردنی بیناکە بوو، کە بەزمانی سۆمەری پێدەووترێت (É.IM.DU8.A) کە بە مانای ماڵ یاخود ئەو شوێنەی کە هەویری قوڕی لێ تێکەڵدەکرێت دێت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی ئەگەر هاتوو شوێنی دروستکردنی خشتەکان دوور بێت ئەوا کێشەی بۆ دروست دەبێت بەهۆی کرێی گواستنەوەو شکان و لەناوچوونی خشتەکان، بەڵام خشتی سوورکراوە شوێنی دروستکردنی دەکەوێتە دەرەوەی شورای شار، لەبەرئەوەی کەرەستەی بەکارهاتوو بۆ سوورکردنەوە پشتی دەبەست بە پاشماوەی ئاژەڵەکان بۆیە بۆنی ناخۆشی دروستدەکرد، بۆ مەبەستی ئاسانکاری گواستنەوە زۆربەی جار کورەکان لە نزیک سەرچاوەی ئاودا دروستدەکران بۆئەوەی بەبەلەم لە ڕێگای ئاویی خشتەکان بگوازرێتەوە بۆ دەروازەی شار لەوێشەوە لەڕێگای گالیسکەو ئاژەڵی گوێدرێژ لە دەروازەی شار دەگوازرایەوە بۆ شوێنی دروستکردنی بینای زقورەکە. (رشید، 1981، ص36)

## باسی سێیەم: نموونە وەرگیراوەکانی زەقورە لە وڵاتی میزۆپۆتامیادا:

بیناسازی زەقورە لەهەموو شارە سەرەکیەکانی وڵاتی میزۆپۆتامیادا هەبووە کە لەچەند چینێک پێکدەهات، بێجگە لە زەقورەی شاری وەرکا نەبێت کە تەنها یەک چین بوو، (نموونەی وێنەی٣) ئەم زەقورەیە تایبەت بوو بە خواوەندی سەرەکی شاری وەرکا خواوەند (ای-انا) کە بەزمانی ئەکەدی پێدەوترێت (عشتار)[1] لەسەرەوەی ئەم چینە پەرستگایەکی بچووك هەبوو خوداوەندی لێدادەنیشت لەڕێگای دابەزینی لە ئاسمانەوە بۆ سەر زەوی، ئەم پەرستگایەش بۆ هەموو کەسێک نەدەکرایەوە لەبەر ئەوەی شوێنی پشوودانی خوداوەند بوو.(مورتگات، 1975، ص20)

زەقورە سەرەتا لە سەر یەك چین بوو لەسەر ئاستی ڕووی زەوی دروستدەکرا، پاشان پەرەیسەند لە سەردەمەکانی دواتر بۆ سێ چین تاکو حەوت چینی سەرەکی، لەسەر بناغەیەکی ئەندازەیی شێوە

[1] عشتار: لەلای سۆمەرییەکان بە (ئینانا) ناسرابوو، لەلای ئەکەدییەکان بە (عشتار)، خواوەندی خۆشەویستی و جەنگ وزۆربوون و بە پیتی بوو، شوێنی پەرستنی لە شاری وەرکا بوو. (میشائیل، ٢٠١٢، ص١٣)

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

چوارگۆشە یاخود لاکێشەیی دروستدەکران.(باقر، 1980،ج2، ص228)لەپێشەنگی زەقورەکانی وڵاتی میزۆپۆتامیا کە تاکو ئێستا پاشماوەکەی وەکو خۆی مابێتەوە، زەقورەی (شاری ئور)ە کە پاشا (ئور-نەمۆ) دروستیکردووە بۆ خوداوەندی مانگ (ننا[1]) خوداوەندی سەرەکی شاری ئوری سۆمەری.(سعید، 1985، ص105)

لە گرنگترین زەقورەکانی وڵاتی میزۆپۆتامیا کە قۆناغەکانی پەرەسەندنی بیناسازی زەقورە پێشاندەدات بریتین لەمانە:

## 1. نموونەی شیکاری زەقورەی وەرکا:

شاری وەرکا دەکەوێتە دووری (15کم) لە ڕۆژهەڵاتی ناحیەی الخضر و (30کم) لە باشوری شاری سەماوە، پێکدێت لە کۆمەڵێک گرد ڕووبەرەکەی ($7کم^2$)، دەڕوانێتە سەر ڕووباری فورات بەڵام ئێستاکە (12کم) دوورکەوتۆتەوە،(بصمەچی، 1960، ص5) لەکۆندا پێیان ووتووە(ئوروك) و عەرەبەکان پێیان ووتوە(ورکە)لە تەوراتدا بەناوی (ارك) هاتووە، یەکێکە لە گرنگترین شارە سۆمەرییەکان بەهۆی بوونی ئەو ناوەندە ئاینیە گرنگەی کە لە هەزارەی چوارەمی پێش زایینیدا هەیبووە، دەوردراوە بە شورایەکی گەورە درێژییەکەی نزیکەی (10)کیلۆمەتر دەبێت.(الحسینی، 2013، ص84)

یەکەمین کاری هەڵکۆڵینی شوێنەواری لە شاری وەرکا لە ساڵی (١٨٤٩ز) لە لایەن زانای جیۆلۆجی بەریتانی (ولیام لوفتس) ئەنجامدراوە، دوایی تێپەڕبوونی (٦٠) ساڵ دووبارە شاندێکی ئەڵمانی بۆ لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەڵاتی بەسەرپەرشتی (یولیوس یوردان) لە نێوان ساڵانی(١٩١٢-١٩١٣ز)بۆ ماوەی (٦)مانگ هەڵکۆڵینی شوێنەواری ئەنجامدا، بەڵام بەهۆی جەنگی یەکەمی جیهانی کارکردن لەم شارە وەستا، پاشان لە ساڵی(١٩٢٨ز) دووبارە شاندی ئەڵمانی دەستی بە هەڵکۆڵین کردەوە تاکو سەرەتایی جەنگی دووەمی جیهانی (١٩٣٩ز) هەریەکە لە (یولیوس یوردان و ئارنولد نولدکە) سەرۆکایەتی ئەو شاندەیان کرد، دوایی کۆتایی هاتنی جەنگی دووەمی جیهانی دووبارە لە ساڵانی (١٩٥٣-١٩٥٤ز

[1] خواوەندی مانگ ننا: خواوەندی مانگە، بنکەی پەرستنی لە شاری ئورە، سۆمەرییەکان پێیان دەووت ننا، وە ئەکەدییەکان پێیان دەووت سین، هێماکەی مانگی نیوە بازنەیی بوو. (الشاکر، 2002، ص51)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

)هەڵکۆڵینی لەشاری وەرکا دەستیپێکردەوە کە دوازدەمین وەرزی هەڵکۆڵین بوو بەسەرۆکایەتی پرۆفیسۆر (هینرش لنزن) پاشان بۆ وەرزی سێزدەهەمین لە ساڵانی (١٩٥٤-١٩٥٥ز) دووبارە بەردەوام بوو، لە ئەنجامی ئەو هەڵکۆڵینە دوور ودرێژەدا توانرا چەندین زانیاری گرنگ دەربارەی ڕابردووی گرنگی ئەم شارە بەدیاربخرێت وەکو دۆزینەوەی گرنگترین پاشماوەی بینا وپەرستگاکان وخانووی نیشتەجێبوون و تابلێتی گڵێنەیی پەیکەر...هتد(بصمەجي، 1955، ص47-48)

پاشماوەی شاری وەرکا پێکدێت لە چەندین گردو بەرزایی ، ئەم گرد وبەرزایانە پاشماوەی ئەو پەرستگاو بینا مەزنانە کە بەتێپەڕبوونی سەردەم تووشی ڕووخان ولەناوچوون بوون لە گرنگترین ئەم پاشماوانە پەرستگاو زەقورەی (ای-انا) کە دەکەوێتە ناوەڕاستی شاری وەرکا لە دیارترین و پیرۆزترین پاشماوەکانی شارەکەیە، ئەم پەرستاگایە دروستکراوە بۆخواوەند (ان-نین In-nin) واتە (خاتوونی ئاسمان) و هەروەها دەناسرێت بە (ان-انا In-anna) مێژووی بنیاتنانی ئەم پەرستگایە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی وەرکا واتە (ناوەڕاستی هەزارەی چوارەمی پێش زایین) پاشماوەی ئەم پەرستگایە لە چینی پێنجەم دۆزرایەوە. (نموونەی وێنەی٣)(بصمە جي، 1955، ص52)




نموونەی وێنەی3 (صاحب، 2011،ص182)

بەڵام کاتێک پاشا (ئور-نەمۆ) بنەماڵەی ئوری سێیەمی دامەزراند توانی دەستبگرێت بەسەر شاری وەرکا لە کۆتاییەکانی هەزارەی سێیەمی پێش زایین سەر لەنوێ ئەم زەقورەییەی بنیاتناوە.(شریف، 1982، ص80) ئەکەدی و بابلییەکان پەرستوویانە بەناوی (عشتار) بەزمانی سۆمەری بە مانای(سیدة) دێت، بەڵام لە زمانی ئەکەدی بەمانای (خوداوەند یاخود پەرستراو) دێت، شاری وەرکا

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ناوبانگێکی مێژووی هەیە بەهۆی ئەوەی ناوەندی پەرستنی خوداوەند (عشتار) بووە، هەروەها پەرستگای(ای-انا) لە بینا ئایینیە گرنگەکانی ئەم شارەیە رووبەرێکی فراوانی هەیە لە بینایەك پێكدێت گۆڕەپانێك دەوری زەقورەکەی داوە.(باقر، 1980،ج2، ص 15-16)

ئەم زەقورەیە بەشورایەك دەوردراوە لەناوەوەی ریزێك یان دوو ریز لە ژووری بچووک هەیە، درێژی لای باشووری ڕۆژئاوا دەگاتە نزیکەی(102م)، و درێژی لای باکوری ڕۆژهەڵاتی نزیکەی(84م) دەبێت، و درێژی هەردوو لاکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی وباکوری ڕۆژئاوایی نزیکەی(228 م) دەبێت.(نموونەی وێنەی3) زەقورەی وەرکا لەسەرچاوە مێخییەکان بە ناوی (ای-گی-بار-ایمین-نا-بی) (E-GI-PAR-IMIN-(NA-BI هاتووە کە بەمانای (بيت الكيبارو السبعة) (ماڵی حەوت گەورەکان) دێت، تەرخانکرابوو بۆ خواوەند ای-انا (عشتار).(الشهوانی، 2003، ص107-108) بناغەی ئەم پەرستگاو زەقورەیە لەبەردی کلسی نارێک دروستکراوە، ڕووی پێشەوەی پەرستگاکە ڕازێنراوەتەوە بە مۆزایک کە پێکهاتبوو لە گلێنەی مێخی ڕەنگدار و قەبارەی مێخەکان بە قەبارەی پەنجەیەک دەبوو لە دیواری پەرستگاکەدا دەچەقێنرا لەسەر شێوەی (معینی و هێڵی تێکشکاو و سێگۆشەیی)، ئەم بینای پەرستگایە لەسەر سەکۆیەک دروستکرابوو و دەوردرابوو بە گۆڕەپانێکی فراوان و کۆگای گەورە و هەروەها شوێن بۆ پێشکەشکردنی قوربانی. (بصمه جي، 1955، ص52)

ئەو زەقورەیەی کە پەرستگای(ای-انا) لە وەرکا لەسەر دروستکراوە وەکو زەقورەی ئور وایە لەسەر سەکۆیەکی کۆنتر لە سەردەمەکەی خۆی دروستکراوە، بەڵام بینای زەقورەی وەرکا زۆر سادەترە لە زەقورەی ئور، ڕووی دەرەوەی ئەم زەقورەیە لە خشتی سوورنەکراوە دروستکراوە نەوەکو لەخشتی سوورکراوە، لەوانەیە بۆ هۆکاری ئابووری بگەڕێتەوە، بناغەی زەقورەی وەرکا لەسەر شێوەی چوارگۆشەیە، درێژی لاکانی(56م) بەرزی بینای زەقورەکە دەگاتە(14م) (الشهوانی، 2003، ص108)

## 2. نموونەی شیکاری زەقورەی ئور:

شاری ئور دەکەوێتە دووری(365کم) لە باشوری ڕۆژهەڵاتی بەغداد، بە دووری (15کم) لە باشوری ڕۆژئاوایی شاری ناصریە، نزیك وێستگەی شەمەندەفەر کە ناسراوە بە (مفرقی ئور) نووسینە کۆنەکانی سەردەمی بنەماڵەی ئوری سێیەم(2113-2006 پ.ز) ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ئەم شارە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەسەردەمی بنەماڵەی ئوری سێیەم نزیك بووە لە ڕووباری فوراتەوە، بەڵام لە ئێستادا زیاتر لە (100کم) دوورکەوتۆتەوە، پاشماوە شوێنەوارییەکانی لەنێو خەڵک دەناسرێت بە (المقیر) لەبەر بەکارهێنانی ماددەی قیر لە بینا شوێنەوارییەکانی.(الصیوانی، 1961، ص209)

بۆ یەکەمجار لەم شارەدا کۆمەڵێک شوێنەوارناس هەڵکۆڵینیان ئەنجامداوە لەوانە (ولیام لوفتس و تایلەر و هال) لە نێوان ساڵانی (١٨٥٢ز - ١٩١٩ز) ، ئەو هەڵکۆڵینانەی کە ئەنجامیان دەدا بە شێوەیەکی نازانستی بوو تەنها گرنگیان دەدا بە کۆکردنەوەی شوێنەوار بە بێ گوێدان بە لایەنی زانستی لەوانە تایلەر خەندەقێکی فراوانی دروستکرد لە زەقورەی ئور تەنها بۆ ئەوەی شوێنەواری تێدا بدۆزێتەوە، بەڵام هەڵکۆڵینی زانستی و ڕێکخراو لەلایەن شوێنەوارناسی بەریتانی (لیونارد وولی) کە سەرۆکی ئەو شاندە بوو کە زانکۆی بەریتانی و مۆزەخانەی زانکۆی بنسلڤانیا ناردبوویان، ئەم شوێنەوارناسە بۆ ماوەی(11)وەرز بەردەوام بوو لە ساڵی (١٩٢٢ز) تا کۆتا وەرزی هەڵکۆڵین لە ساڵی(١٩٣٣- ١٩٣٤ز). (الصیواني، 1961، ص209-210)

زەقورەی ئور یەکێکە لە جوانترین زەقورەکانی وڵاتی میزۆپۆتامیا کە تاکو ئێستا وەکو خۆی ماوەتەوە، ئەم زەقورەیە لەلایەن پاشا (ئور-نەمۆ) دامەزرێنەری بنەماڵەی ئوری سێیەم بنیاتنراوە، پاشان لە سەردەمەکانی دواتر لەلایەن پاشا (شولگی) کورپەوە تەواو کراوە، تایبەت بوو بەپەرستنی خوداوەندی پارێزەری شاری ئور خودواوەند مانگ(ننا) کە بە یەکەم زەقورە لە وڵاتی میزۆپۆتامیا دادەنرێت کە بەمشێوەیە دروستکرابێت،(Strommenger,1964,p.409) ناوی زەقوری ئور لە دەقە مێخییەکان بە شێوەی ($E_2$-temen-ni-gur) هاتووە کە بە مانای (بیت مصطبه الاساس) دێت.(جرک، ١٩٩٨، ص٨٠)

شایەنی باسە ئەم زەقورەیە لەسەر پاشماوەی پەرستگایەکی کۆنتر دروستکراوە کە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی سەرهەڵدانی بنەماڵەکان یاخود کۆنتر لەم سەردەمەش، لە سێ چینی سەرەکی پێکهاتووە، زەقورەکە لە دیوی ناوەوە لە خشتی سوورنەکراوە دروستکراوە پاشان بە چینێکی ئەستوور بە قوڕ و قیر ڕووپۆشکراوە و هەروەها مەلاتیشیان کردۆتە نێوان چینی خشتەکان تاکو بەباشی یەکبگرێت، ئەستووری ئەم چینە قوڕە نزیکەی (8) پێ دەبێت.(شریف، 1982، ص77) (نموونەی وێنەی4)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)



نموونەی وێنەی 4 (Aruz& Wallenfels, 2003,Fig.105)

زەقورەی ئور دەکەوێتە بەشی کۆتایی باکوری ڕۆژئاوای ناوچەی پەرستگاکان تاکو ئێستا پاشماوەی دوو چینی سەرەکی ماوە، چینی یەکەم (چینی ژێرەوە) ڕووبەرەکەی(26.5x43م) دەبێت، بەرزیەکەشی (11م) دەبێت، بەڵام چینی دووەم ڕووبەرەکەی (36x26م)، و بەرزیەکەشی (5.35م) دەبێت، دەربارەی چینی سێیەم ڕووبەرەکەی بە تەواوی نازانرێت، بەڵام وامەزندە کراوە کە ڕووبەرەکەی نزیکەی(20x11م) بێت بەرزایەکەشی نزیکەی(2.80م) بێت، شوێنەوارناسان بەرزایی پەرستگاکەی سەرەوەیان بە (5.55م) مەزندەکردووە، بەڵام ئەمە شتێکی ڕاست نییە بەهۆی نەمانی پاشماوەی ئەم پەرستگایە، بەرزایی ئەوەی کە ماوەتەوە لە زەقورەکە نزیکەی (17.25 م) ، بەڵام شوێنەوارناسان پێیان وایە کە ئەم زەقورەیە لە کۆندا زیاتر بووە، گەیشتۆتە نزیکەی (26م).(الصیوانی، 1976، ص27)

لاکانی ئەم زەقورەیە بەهەمان شێوەی زەقورەکانی تر ڕوویکردۆتە چوار ئاراستە سەرەکیەکە، دیوارەکانی لە دەرەوە بە نەخشی بیناسازی (طلعات و دخلات) ڕازاوەتەوە، هەروەها سێ پەیژەی سەرەکی هەیە کەوتوونەتە لای باکوری ڕۆژهەڵات، پەیژەی یەکەم (پەیژەی سەرەکی) بە شێوەی ڕووبەڕوو دروستکراوە ڕاستەوخۆ سەردەکەوێت بۆ پەرستگای سەرەوە، بەڵام دوو پەیژەکانی تر لە تەنیشتی بیناکە دروستکراون و لکێندراون بە دیوارەکانی چینی یەکەمەوە هەر لە چینی یەکەمدا لەگەڵ پەیژە سەرەکیەکە یەکدەگرنەوە.(مورتگات، 1975، ص195)

درێژی پەیژەی سەرەکی لە زەوییەوە تاکو پەرستگاکەی چینی سێیەم نزیکەی (28)م لە (93) پلیکانە پێکهاتووە پانی هەر پلیکانەیەکیش لە نێوان(2.70-3)م ، بەرزی هەر پلیکانەیەکیش لەنێوان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

(13.5-12.5)سـم دایە قوڵیەکەشـی لە نێوان (28-30)سـم دەبێت، هەریەك لەم پەیژانە لە تەنیشتەکانی بەربەستیان هەیە کە بە قوڕ دروستکراوە، لەڕووی پێشەوەی زەقورەکە لەلای پەیژەی پێشـەوە دوو برج هەیە کە بەشـێوەیەکی ئەندازەیی جوان دروسـتکراون لەناو ئەم بورجانەدا سێ پەیژەکە بەیەك دەگەن ڕووبەری هەریەك لەم بورجانە (13.80x7.90)م بەرزیەکەشـی (8.60)م ئەوەی تریان ڕووبەرەکەی(13.80x7.40)م بەرزیەکەشـی بەهەمان شـێوەی بورجی یەکەمە ئەستووری دیوارەکەشیان(1.10)م دیوارەکەشی لارە بۆ ناوەوە.(الصیوانی، 1976،ص 28-29)

ئەوەی ماوە باسـی بکەین ئەوەیە کە ئەم زەقورەیە بناغەکەی شـێوە لاکێشـەییە و تەواوی بینای زەقورەکە بە خشتی سوورنەکراوە دروستکراوە، بەڵام لە دیوی دەرەوە بە خشتی سوورکراوە لەگەڵ قیر ڕووپۆشکراوە و دیوارەکانی کەمێك لارە بۆ ناوەوە لەوانەیە بۆ ئەوە بەمشێوەیە دروستکرابێت تاکو ئاوی بارانی پێنەوەستێت.(المتولی، 2007،ص 31) سەرەڕای ئەوە خشتی سوورکراوە لەگەڵ قیر بەکارهاتووە بۆ فەرشکردنی ڕووی زەوی زەقورەکە و ڕێگاکانی. (التمیمي، 1982، ص278)

## 3. نموونەی شیکاری زەقورەی عەقەرقوف:

عەقەرقوف یاخود (دور-کوریکالزو Dur-Kurigalzu) پایتەختی دووەمی کاشـییەکانە لە دوای شـاری بابل، ئەم شـارە دەکەوێتە ڕۆژئاوایی شـاری بەغداد بە دووری (٣٠کم) لەلای ڕاسـتی ڕێگای (بەغداد - فەلوجە) بە دووری (٦کم) لە ناحیەی ئەبوغریب و بەدووری نزیکەی (١٥کم) لە باکوری ڕۆژئاوایی سەنتەری قەزای کازمیە، (التکریتي، 1970، ص73) ئەم شارە لە لایەن پاشا(کوریکالزۆی یەکەم Kurigalzu I ) هەڤدەهەمین پاشای کاشیەکان دروستکراوە، پاشان لە سەردەمی پاشاکانی دوای ئەو بەپلەی یەکەمیش لەسـەردەمی پاشـا (کوریکالزۆی دووەم Kurigalzu II) بیسـت و دووەمین پاشـای کاشـییەکان(١٣٣٢ پ.ز) گرنگی پێدراوە و فراوانبووە، پاشـا کوریکالزۆی یەکەم زەقورەیەکی پلەداری بەرزی دروستکرد بۆ پەرستنی خواوەند ئەنلیل (شریف، 1982، ص105)

زەقورەی عەقەرقوف لەسـەرچاوە مێخییەکان بەناوی(ای-گی-نیر)(E-GI-NIR) بەمانای (ماڵی پاك) دێت، لەساڵانی(1942-1971) بەڕێوبەرایەتی شوێنەواری گشتی عێراق دەستیکرد بە هەڵکۆڵین لە شـاری عەقەرقوف (دورکوریکالزو) بە سـەرۆکایەتی هەریەکە لە شـوێنەوارناسـی بەریتانی (سـتین لوید) و شوێنەوارناسانی عێراقی (طە باقر، محمد علی مصطفی، عبدالقادر حسن التکریتی، حسین

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

عزام وكاتب المقال) تاكو ساڵی 1971 ئەمانە سەرۆکایەتی کاری هەڵکۆڵینی شوێنەواریان ئەنجام داوە کە بۆ ماوەی (13)وەرزی بە دوایەکدا بەردەوام بوو.(الجميلي، 1971، ص63-64)
زەقورەی عەقەرقوف لە دیارترین پاشماوەی بیناسازی شارەکەیە لەسەر بناغەیەکی شێوە چوارگۆشە دروستکراوە و لە پێنج چینی سەرەکی پێکدێت، بەپێوانەیی(69x67.6)م ئەو بەشەی کە لە زەقورەکەدا ماوەتەوە نزیکەی (57)م ، بەڵام بەرزی زەقورەکە لە بنەڕەتدا لە دەوروبەری (78)م دابووە.(قحطان، 1987، ص147)(نموونەی وێنەی5)


نموونەی وێنەی5 (مطر،٢٠٢١، ص٧٠)

هەریەکە لە شوێنەوارناسان (ستين لويد و طه باقر) بەرزی چینەکانی زەقورەی (عەقەرقوف) بەمشێوەیەی خوارەوە دیاریکردووە:
چینی یەکەم: 14م رووبەرەکەی بە مەتر67x67م
چینی دووەم: 14م رووبەرەکەی بە مەتر51.65x51.65م
چینی سێیەم: 13م رووبەرەکەی بە مەتر37.50x37.50م
چینی چوارەم: 13م رووبەرەکەی بە مەتر 24.40x24.40م
چینی پێنجەم: 12م رووبەرەکەی بە مەتر11.50x11.50م
ئەم زەقورەیە سێ پەیژەی هەیە یەکێکیان لە ناوەڕاستە دووانەکەی تر لە تەنیشتی بینای زەقورەکەدان، بیناسازە کاشیەکان لە دروستکردنی ئەم زەقورەیە خشتی سوورنەکراوە و خشتی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سووركراوەيان بەكارهێناوە، ديوارەكانی دەرەوەی زەقورەی عەقەرقوف بە نەخشی بيناسازی (طلعات و دخلات) ڕازاوەتەوە.(الجميلی، 1971، ص79)

## 4. نموونەی شيكاری زەقورەی بابل (تاوەری بابل):

شاری بابل دەكەوێتە سەر ڕووباری فورات[1]، ئەم شارە لەسەردەمی بابلی نوێ(626-539 پ.ز) بەتايبەتيش لەسەردەمی فەرمانڕەوايی پاشا نبوخزنەصری دووەم (604- 562 پ.ز)گەورەترين شار بووە لە جيهانی كۆندا، چێوەی(محيط) ئەم شارە دەگەيشتە(18)كم، ڕووبەرەكەی نزيكەی(10)مليۆن متر چوارگۆشە بووە، هەروەها شێوەی ئەم شارە شێوەيەكی لاكێشەيی هەبووە .(محمد، 1979، ص137 ؛ باقر، 2009، ص620-621) ئەم شارە بە دوو شورای گەورە دەوردراوە لە خشتی سوورنەكراوە دروستكراوە، بابلييەكان ناوی تايبەتيان بۆ داناوە بۆ شورای خارجی پێيان ووتوە (نيمتی-انليل Nimiti Enlil) مانای عەرش يان بناغەی خوداوەند ئەنليل دێت ئەستوريەكەی لە (4)مەتر كەمترە، شورای داخلی بەناوی (امكور-انليل Imgur Enlil) بە مانای بەرزايی خوداوەند ئەنليل دێت، ئەستوريەكەی دەگاتە(6,5م) پانی نێوانی ئەم دوو شورايە نزيكەی(7)مەترە.(أوتس، 1990، ص222)

سۆمەرييەكان بە بابليان وتووە (كا-دينگر-را-كی KA-dingir-RA)[ki] ئەكەدييەكان پێيان وتووە (باب-ئيلم) لە هەردوو زماندا بەمانای(دەرگای خواوەند) دێت، پاشماوەكانی ئەم شارە كۆنە دەكەوێتە باكوری شاری(حلە) بەدووری نزيكەی(90كم) لە باشووری شاری بەغداد، لەسەر ڕێرەوی كۆنی ڕووباری فورات،(حماد، 2008، ص133)

يەكەم ئاماژەكردن بە زەقورەی بابل لە كتێبی پيرۆزی تەوراتدا هاتووە بەمشێوەيە باسی دەكات: ((زەوی هەر هەمووی يەک زمان و يەک ئاخاوتن بوو، لەو كاتەدا كە لە ڕۆژهەڵاتەوە دەسووڕانەوە و دەگەڕان، دەشتێكيان لە خاكی شەنعار دۆزيەوە و هەر لەوێ نيشتەجێبوون، بەيەكتريان ووت: دەی

---

[1] ڕووباری فورات شاری بابل دەكات بەدوو بەش، بەشی ڕۆژهەڵات و بەشی ڕۆژئاوا بەشی ڕۆژهەڵاتی كۆنتر و گرنگترە، چونكە زۆربەی پاشماوە بيناسازييەكان دەكەوێتە ئەم بەشە وەكو پەرستگای شار و زەقورەی بابل وكۆشكی پاشاكان، بەڵام بەشی ڕۆژئاوايی نوێيە ژمارەيەكی كەم پاشماوەی بيناسازی لێيە، ئەم دوو بەشە بە سێ پردی كۆڵەگەی بەردينی بەستراونەتەوە بەيەكەوە.(صاحب، 2011، ص151)

**گۆڤاری قەڵای زانست**
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

با خشت دروستبکەین  و بە باشی سووری بکەیەوە، ئەوان لە جیاتی بەرد خشتیان هەبوو و لە جیاتی قوڕیش قیر، ووتیان: دەی با شارێ دروست بکەین لەگەڵ تاوەرێک کە لووتکەکەی  بگاتە ئاسمان و ناوێک بۆ خۆمان دروست بکەین،  نەبادا لەسەر ڕووی زەوی پەرش و بڵاوبینەوە، خوا هاتە خوارەوە تاکو ئەو شارو تاوەرە ببینێ کە مرۆڤ دروستی کردبوو، خوا ووتی: دەبینم مرۆڤ هەمووی یەکن و هەمووشیان یەک زمانیان هەیە، کە ئەمەشیان دروستکردووە ئیتر هیچ شتێ لە دەستیان  دەرناچێ ئەگەر بیانەوێ بیکەن، بابێینە خوارەوە، زمانیان تێک بدەین تاکو لە یەکتری نەگەن، بەمجۆرە خوا لەوێوە لەسەر ڕووی زەوی پەرش و بڵاوی کردنەوە و ئیتر دەستیان لە دروستکردنی شارەکە هەڵگرت، هەربۆیە ناوی بابل یش بووە، چونکە لەوێ زمانی خەڵکی زەوی تێکداو بەسەر ڕووی زەویدا پەرش وبڵاوی کردنەوە)). (سفر التكوين، اصحاح 11، رقم 1-9 )




نموونەی وێنەی6 (عكاشة،ب.ت،لوح 336)

زەقورەی بابل لە سەرچاوە مێخییەکان بە شێوەی (ای-تمن-ان-کی) (é-temen-an-ki) بەمانایی (بيت أسس السماء والارض) واتە (خانووی بنچینەیی نێوان ئاسمان وزەوی) دێت، ئەم زەقورەیە لە حەوت چینی سەرەکی پێکدێت قۆناغەکانی پەرەسەندنی هونەری بیناسازی زەقورە پێشاندەدات،(نموونەی وێنەی6) لەسەر بناغەیەکی شێوە چوارگۆشەیی دروستکراوە، ڕووبەری بناغەکەی ژێری دەگاتە(91.55x91.55)م بەرزیەکەی ئەوەندەی درێژی لای بناغەکەیە واتە(91.55)م ڕەنگە بگاتە (100)م لە سەرەوەی چینی حەوتەم پەرستگایەکی بەرز هەیە تایبەتە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بە پەرستنی خوداوەند(مەردۆخ)[1] خواوەندی سەرەکی شاری بابل (نموونەی وێنەی7)، ناوەکەی بە سۆمەری(ای-ساکیلا) (E-sagil) پێدەووترێت، زەقورەی بابل بەهەمان شێوەی زەقورەی ئور دروستکراوە لە خشتی سوورنەکراوە پاشان ڕووپۆشکراوە لە دەرەوەی بە خشتی سوور و قیر ئەستوریەکەی(15)م دەبێت لە سەرەمی فەرمانڕەوایی پاشا نبوخذنصری دووەم گەیشتۆتە حەوت چین هەر چینێک لە چینەکەی تر بچووکتر بووە .(باقر، 2009، ص628)


نموونەی وێنەی7 (صاحب،2011، ص184)

زەقورەی بابل یەکێکە لەو زەقورانە کە تووشی زۆرترین وێرانکاری بۆتەوە لە لوتکەکەیەوە تاکو بناغەکەی، ئەو وێرانکاریانەش دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی فەرمانڕەوایی پاشای فارسی دارای سێیەم (ئەحشویرش) (522-486 پ.ز)هەروەها دوای سەرکەوتنی ئەسکەندەری مەکدۆنی بەسەر بابل، ئەسکەندەر دووبارە دەستیکردەوە بە بنیاتنانی ئەم زەقورەیە بەڵام مردن ڕێگەی نەدا تەواوی بکات. (جرك، 1998، ص109)
لە گرنگترین ئەو سەرچاوانەی کە زانیاریمان پێدەدەن دەربارەی شێواز وسەردەم و دروستکەری ئەم زەقورەیە، ئەو سەرچاوە مێخییە تۆمارکراوانەن کە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی بابلی کۆن(2000-

[1]خواوەندی مردۆخ: خواوەندی چاکە وئاوەدانکردنەوە و شیفا بوو، لەنازناوەکانی (دروستکەری گەردوون و چیای گەورە و پارێزەری شاری بابل)، چەند هێمایەکی هەبوو وەکو ئەژدیها دوو شاخ (مشخشو). (الشاکر، ٢٠٠٢، ص١١٥)

**گۆڤاری قەڵای زانست**
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

1595 پ.ز) بەتایبەتی بۆ سەردەمی فەرمانڕەوایی پاشا حامورابی[1] (1792-1750 پ.ز) لەوکاتەدا شاری بابل ناوبانگێگی فراوانی هەبوو گەیشتە لوتکەی پێشکەوتن وپایتەختی دەوڵەتی ئەم پاشایە بوو، وامەزندە دەکرێت ئەم زەقورەیە لەو سەردەمەدا بنیاتنرابێت، بەڵام ئەم بۆچوونە بە دروست دانەنرا چونکە ئەو دەقانەی کە لەسەر میلی یاساکەی حامورابی هاتووە بەتایبەتی پێشەکی یاسایەکەی سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ زانینی ناوی پەرستگا و زەقورەکانی وڵاتی میزۆپۆتامیا کە تیایدا ناوی زەقورەی بابل نەهاتووە لە کاتێدا ناوی پەرستگای ایساکیلا هاتووە کە تەرخانکرابوو بۆ پەرستنی خواوەند مەردۆخ خواوەندی سەرەکی شاری بابل. (باقر، 1979، ص251)

لە دەقێکی مێخیدا کە بەدەستمان گەیشتووە ئاماژە بە شێواز وپێوانە وبنکەی ئەم زەقورەیە دەکات کە ناسراوە بە (تابڵێتی سلوقی) کە بۆ نووسەری بابلی (انو-بیل-شونو) دەگەڕێتەوە لەشاری وەرکا دۆزراوەتەوە، مێژووی ئەم تابڵێتە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی(229 پ.ز) بۆ سەردەمی فەرمانڕەوایی پاشا سلوقسی دووەم (کالینیکوس) (265-225 پ.ز) ئەم تابڵێتە لەسەر دەقێکی کۆنتر نووسراوەتەو ناسراوە بە (تابڵێتی ایساکیلا). (کریشن، 1982،ص12) ئەوەی کەلەسەر ئەم تابڵێتەدا هاتووە ئاماژە بە بەرزی زەقورەکە دەکات کە لە دێری 37 بۆ 42 بەمشێوەی خوارەوە دابەشکراوە:

چینی یەکەم: 33م

چینی دووەم: 18م

چینی سێیەم: 6م

چینی چوارەم: 6م

چینی پێنجەم: 6م

چینی شەشەم: 6م

چینی حەوتەم: 15م (جرک، 1998، ص30)

---

[1] حامورابی: شەشەم پاشای بنەماڵەی بابلی یەکەم بوو توانی وڵاتی میزۆپۆتامیا یەکبخات و سنووری فەرمانڕەوایەتیەکەی فراوان بکات، بۆ ماوەیی ٤٢ ساڵ حوکمرانی کردووە چەندین نازناوی هەبووە وەکو (پاشای بابل، پاشای هەر چوارلای جیهان، پاشای گەورە). (کلنغل، ١٩٨٧، ص٤٠)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە کۆتایی ساڵانی بیستەکاندا کاتێک رۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی (ای ئونجز) لێکۆڵینەوەی لەسەر زەقورەی بابل کرد، ئاماژەی بەوەکرد کە ئەم زەقورەیە هەر سێ جۆرەکەی زەقورەی تێدا بەدی دەکرێت ئەوانیش:

**جۆری یەکەم:** جۆری لاکێشەیی لە بەشی باشووری میزۆپۆتامیا ئەم جۆرە بەدیدەکرێت، وەکو لە شارەکانی ئور، وەرکا، نفر، کە سەرکەوتن بۆ چینەکانی سەرەوەی ئەم زەقورەیە بە پەیژەی ڕاست دەبێت.

**جۆری دووەم:** جۆری چوارگۆشەیی لە بەشی باکوری میزۆپۆتامیا بەدیدەکرێت،وەکو لە شارەکانی ئاشوور ، کالح، خورسباد، کارتوکلتی نینورتا، کە سەرکەوتن بۆ چینەکانی سەرەوەی ئەم زەقورویە بەهۆی پەیژەی لێژ (منحدرات) دەبێت.

**جۆری سێیەم:** شێوازی تێکەڵاو ویەکگرتنەوە(النمط المندمج) لەسەر بناغەیەکی شێوە چوارگۆشە (جۆری باکور)، واتە سەرکەوتن بۆ چینەکانی خوارەوە بەهۆی پەیژەی ڕاست دەبێت، وە بۆ چینەکانی سەرەوە بەهۆی پەیژەی لێژ (منحدرات) دەبێت، باشترین نموونەیەی ئەم جۆرەیان لە زەقورەی بابل دادەبینین. (بارو، 1980، ص40-41)

سەرکەوتن بۆ سەرەوەی زەقورەکە لە ڕێگای سێ پەیژەی سەرەکی دەبێت، پەیژەی ناوەڕاست درێژیەکەی (62م) پانیەکەی(9م)، و دوو پەیژەکەی تەنیشتی بەستراون بە پەیژەی ناوەڕاست لە چینی دووەم و سێیەم پاشان سەرکەوتن بۆ چینەکانی تر بچووك دەبێتەوە بۆ پەرستگای سەرەوە.(صاحب، 2011، ص155) ئەوەی لە زەقورەکەدا ماوەتەوە تەنها چاڵێکی پڕ لە ئاوە لەگەڵ پاشماوەی چەند خشتێکی سوورنەکراوەی شێوە چوارگۆشەیە بە پێوانەی (34X34X8 سم) لە ناوەڕاستی ئەم چاڵەدا. (جرک، 1998، ص110)

دوای تێپەڕبوونی چەندین سەدە ئەم بیرۆکە وشێوازە بیناسازییە دووبارە لە بینا ئاینیەکانی سەردەمی ئیسلامی سەریهەڵدایەوە، ئەویش منارەی گەورەی مزگەوتی سامراء (ملوية سامراء) بوو کە لەساڵی (852 کۆچی) لەلایەن خەلیفەی عباسی (ال متوکل) دروستکرا. (Aruz and Wallenfels, 2003, p.492)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەمشێوەیە بیناسازی زەقورە دەستی بە پەرەسەندن کردووە لە سەرەتادا لەسەر یەك چین (سەکۆ) بووە پاشان بۆ سێ و پێنچ چین تاکو لە کۆتاییدا گەیشتە حەوت چین، وەکو زەقورەی بابل، هەموو هۆکارە شاراوەکان لە دوای ئەوەن کە ئەم خواستی پەرەسەندنە لەوانەیە بۆ بیروبۆچوونی ئایینی وڵاتی میزۆپۆتامیا بگەڕێتەوە، چونکە خەڵکی میزۆپۆتامیاهەوڵیان داوە زۆر نزیك بن لە ئاسمان و لە کۆمەڵگای خوداوەندەکان، بۆئەوەی پەیوەندی ڕاستەوخۆ هەبێت لە نێوان زەوی و ئاسمان و هەروەها لەنێوان خوداوەند و جێگرەکەی کە (پاشا) یە لەسەر زەویدا.(الموسوی، 2013،ص137)

## دەرئەنجامەکان

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیە گەیشتیە چەند دەرئەنجامێک لەوانە:-

1- زەقورە بریتیە لە شێوازێکی تەلارسازیی پەیوەست بە بینای پەرستگاکان بەشێوەیەکی سەرەنجڕاکێش وەکو بەشێکی سەرەکی لە پەرستگاکان بە دیاردەکەوێت لە زۆربەی شارەکانی وڵاتی میزۆپۆتامیا بوونی هەبووە، وەک زەقورەی شاری وەرکا و ئور و عەقرقوق و بابل...هتد.

2- لە ڕووی نەخشەی بیناسازیەوە زەقورە بە چەند قۆناغێك پەرەیسەندووە و تێپەڕیووە لە سەرەتادا لە سەردەمی سۆمەرییەکان لەسەر یەك چین دروستکراوە تاکو لەسەردەمی بابلی نوێدا گەیشتۆتە حەوت چینی سەرەکی وەکو زەقورەکەی بابل.

3- مەبەست لە دروستکردنی زەقورە (سەکۆی پلەدار) دەگەڕێتەوە بۆ دابینکردنی شوێنێکی بەرز بۆ نزیکبوونەوە لە خوداوەند وەکو هەندێك لە پسپۆڕانی بواری شوێنەوارناسی پێیان وایە زەقورە لەلایەن خوداوەندەوە بەکارهاتووە لە کاتی دابەزینی لە ئاسمانەوە بۆ سەر زەوی، هەروەها مەبەستێکی تر دەگەڕێتەوە بۆ پاراستنی بینای پەرستگاکان لە کارەساتی سروشتی وەکو لافاو وهۆکاری مرۆیی وەک شەڕ و هێرشبردن... هتد.

4- زەقورە وەکو شوێنێکی پیرۆز و شێوازێکی بیناسازی ئایینی ئاماژەی پێکراوە لە سەرچاوە مێخییەکان، هەروەها لە زۆرێک لە پاشماوە هونەرییە تۆمارکراوەکان کە وڵاتی میزۆپۆتامیادا دۆزراوەتەوە، بیناسازی زەقورە بەرجەستە کراوە چ بەشێوەیەکی واقیعی بێت یاخود هێمایی (ڕەمزی).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-كوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

5- کەرەستەی سەرەکی بۆ دروستکردنی بینای زەقورە بریتیی بووە لە قوڕ وخشتی سوورنەکراوە و خشتی سووورکراوە، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ زۆری و بەردەستی ماددەی قور لە وڵاتی میزۆپۆتامیا سەرەڕایی پیرۆزی قوڕ لەڕوانگەی هزری دانیشتوانی وڵاتی میزۆپۆتامیای کۆن.

6- نەخشەی بیناسازی زەقورە پابەندە بە هەندێ ڕێنمایی بیناسازی کە بە شێوەیەکی گشتی لە بناغەی زەقورەکە خۆی دەبینیەوە وەکو بناغەی شێوە لاکێشەیی وەکو زەقورەکانی بەشی باشوری میزۆپۆتامیا وهەروەها بناغەی شێوە چوارگۆشەیی وەکو زەقورەکانی بەشی باکوری میزوپۆتامیا، ئەمەش ئاماژەیەی ڕوونە بۆ ئەوەی کە ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە لە ڕووی شارستانی و ئەرکی ئاینیەوە.

---

## سەرچاوەکان:

**یەکەم: سەرچاوە عەرەبییەکان:**

- الكتاب المقدس (العهد القديم) (1995)، دار الكتاب المقدس في الشرق الاوسط،ط٤.
**1**- ابراهيم، نعمان جمعة (2003)، حضارة العصر الحجري الحديث في كوردستان العراق رسالة ماجستير غيرمنشورة، كلية الاداب،جامعة صلاح الدين-أربيل، أربيل.
**2**- الأحمد، سامي سعيد (1975)، السومريون وتراثهم الحضاري، منشورات الجمعية التاريخية العراقية، جامعة بغداد.
**3**- البدراوي، عدنان مكي (1985)، "المدينة الأولي بين العصر الحجري المعدني و عصر فجر السلالات"، (حضارة العراق)، ج2، بغداد.
**4**- اوتس، جون (1990)، بابل تاريخ مصور، ترجمة: سمير عبدالرحيم جلبي، دار الكتب و الوثائق، بغداد.
**5**- بارو، اندريه (1980)، برج بابل، ترجمة: جبرا ابراهيم جبرا، الموسوعة الصغيرة 55، دارالحرية للطباعة، بغداد.
**6**- باقر، طه(1947)، "معابد العراق القديم"، مجلة سومر، مج3، ج1، بغداد.
**7**- باقر، طه (1979)، "زقورة بابل ومشاكل اماكن اعادة بنائها"، مجلة سومر، مج35، بغداد.
**8**- باقر، طه و آخرون(1980)، تاريخ العراق القديم، ج2، بغداد.
**9**- باقر، طه (2009)، مقدمة في تاريخ الحضارات القديمة، ج1،بيروت.
**10**- بصمةجى، فرج (1960)، الوركاء، بغداد.
**11**- بصمةجي، فرج (1955)،" الوركاء"، مجلة سومر، مج 11، ج1، بغداد.
**12**- الباشا، حسن (1956)، تاريخ الفن في العراق القديم، قاهيرة.
**13**- التكريتي، عبدالقادر (1970)، "الصيانة الأثرية في عقرقوف 1960/ 1961"، مجلة سومر،مج26، بغداد.
**14**- التميمي، عباس على (1982)، "الطابوق صناعته و قياساته في العراق القديم"، مجلة سومر، مج38، بغداد.
**15**- جرك، أوسام بحر(1998)، الزقورة ظاهرة حضارية مميزة في العراق القديم، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية الآداب، جامعة بغداد.

16- الجميلي، عبدالاله عبدالرزاق(1971)، "نتائج أعمال الصيانة والتحريات والتنقيب في زقورة عقرقوف، الموسم العاشر والحادي العشر والثالث عشروالرابع عشر" ، مجلة سومر، مج27، بغداد.

17- الحسينى، السيد عبدالرزاق(2013)، العراق قديماً وحديثاً، ط1، الرافدين للطباعة والنشر والتوزيع، بغداد.

18- الحصونة، نعيم الرضوي (2019)، ملامح التوحيد في الديانة العراقية القديمة، مراجعة: عادل هاشم على، دار الفيحاء، لبنان.

19- حماد، حسين فهد(2008)، موسوعة الآثار التاريخية، عمان.

20- رميض،صلاح سليمان(2005)، "عمارة المعبد في العراق القديم نشوؤه وتطورة"، مجلة هەزارميرد، مج26، سليمانى.

21- رو،جورج(1984)، العراق القديم، ترجمة: حسين علوان حسين، بغداد.

22- رشيد، فوزي(1981)، "صناعة الطابوق في العراق القديم" ، مجلة النفط والتنمية، السنة السادسة، عدد7-8، بغداد.

23- ساكز،هاري(1979)، عظمة بابل، ترجمة: عامر سليمان، الموصل.

24- سليمان، عامر(1992)، العراق في تاريخ القديم، ج1، الموصل.

25- سليمان، عامر (1993)، العراق في تاريخ القديم ،ج2، الموصل.

26- سليمان، موفق جرجيس(1979)، عمارة البيت العراقي القديم في عصور ماقبل التاريخ، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية الاداب، جامعةبغداد.

27- سعيد، مؤيد(1985) ، "العمارة من عصر فجر السلالات الى نهاية العصر البابلي الحديث"، حضارة العراق، ج3، بغداد.

28- سعيد، مؤيد(1988)، "الفنون والعمارة في العراق القديم"، العراق في الموكب الحضارة، ج1، بغداد.

29- شريف، يوسف(1982)، تاريخ فن العمارة العراقية في مختلف العصور، بغداد.

30- الشاكر، فاتن موفق فاضل على (2002)، رموز اهم الالهة في العراق القديم، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية الآداب، جامعة الموصل.

31- الشيخ، عادل عبدالله (1985)، بدء الزراعة وأولى القرى في العراق ، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية الآداب، جامعة بغداد.

32- الشهواني، ازهار عبداللطيف احمد عزت(2003)، أورنمو مؤسس سلالة أور الثالثة 2113-2096 ق.م، رسالة ماجستير غير منشورة، معهد التأريخ العربى والتراث العلمى للدراسات العليا، بغداد.

33- صالح، عمار ابراهيم (2019)، الحياة الدينية في بلاد وادي الرافدين وتأثيرها على عمارة والفنون 3500 539 ق.م، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية التربية، جامعة الجزيرة-السودان.

34- صاحب، زهير(2011)، الفنون البابلية، بغداد.

35- الصيواني، شاه محمد على(1961)، "صيانه آثار أور في لواء الناصرية"، مجلة سومر، مج17، بغداد.

36- الصيوانى، شاه محمد على (1980) ، "الصيانة الأثرية فى عكركوف الموسم السادس عشر 1975/1974 تقرير اولى"، مجلة سومر، مج 36، بغداد.

37- الصيوانى، شاه محمد على (1976)، أور بين الماضي و الحاظر، بغداد.

38- عبدالله، عدنان مكي(1983)، نشأت وتطور القرية في العراق، بغداد.

39- عبدالله، عدنان مكي (1985)، "المدينة الأولى بين العصر الحجري المعدني وعصر فجر السلالات"، حضارة العراق، ج3، دار الحرية للطباعة، بغداد.

**40**- عبدالله، عدنان مكي (1985)، "المدينة العراقية ، نشأة القرى العراقية الأولى بين الأستيطان الأول وحتى العصر الحجري الحديث"، حضارة العراق، ج3، بغداد.

**41**- عبدالواحد، فاضل وعامر سليمان(1979)، عادات وتقاليد الشعوب القديمة، بغداد.

**42**- عكاشة، ثروت (ب.ت)، تاريخ الفن، (الفن العراقي القديم سومروبابل وأشور)، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، لبنان.

**43**- العامري، حسين على حمزة(2004)، "المعبد والعدالة و(أي دب لال ماخ)"، مجلة سومر، مج53، بغداد.

**44**- العجيلي، لانا محمد معيوف محمد (2011)، دور المعبد السياسي-الاقتصادي-الاجتماعي في العراق القديم 2371 539 ق.م، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية الأداب، قسم التاريخ، جامعة الموصل.

**45**- عميري، ابراهيم(2010)، مواد وتقنيات العمارة القديمة، منشورات المديرية العامة للآثار والمتاحف، دمشق.

**46**- على، فاضل عبدالواحد(1996)، من سومر إلى التوراة،ط2، دار سينا للنشر، قاهرة.

**47**- فرانكفورت، هنرى وآخرون(1960)، ماقبل الفلسفة، ترجمة:جبرا ابراهيم جبرا،بغداد.

**48**- قحطان، صالح رشيد(1987)، الكشاف الأثري في العراق، بغداد.

**49**- الكسار، اكرم محمد عبد (1983)، "قرأة في نتاجات الأنسان الفنية الأولى"، مجلة سومر، مج39، ج 1+2، بغداد.

**50**- كريشن، فرينز (1982)، عجائب الدنيا في عمارة بابل، تعريب: صبحي انور رشيد، دار الحرية للطباعة، بغداد.

**51**- كامل، هويدة احسان، ومحمد يوسف محمد (2016)، "سمات وأنماط العمارة الدينية في العراق القديم الزقورة أنموذجاً"، مجلة الملوية للدراسات الآثارية والتاريخية، مج3،ع6، السامراء.

**52**- كلنغل، هورست (1987)، حمورابي ملك بابل وعصره، ترجمة: غتزى شريف، ط1، دار الشؤون الثقافية العامة ، بغداد.

**53**- المنمي، ئاري خليل كامل (2005)، أهم العناصر العمارية في أبنية العراق القديم، رسالة كاجستير غير منشورة، كلية الآداب، جامعة الموصل.

**54**- المتولي، نوالة احمد محمود(2007)، مدخل في دراسة الحياة الاقتصادية لدولة اور ثالثة في ضوء الوثائق المسمارية (المنشورة و غير المنشورة)، اطروحة دكتوراه غير منشورة، كلية الاداب، جامعة بغداد.

**55**- الموسوي، هاشم عبود(2013)، موسوعة الحضارات القديمة، عمان.

**56**- مورتكات، انطوان(1975)، الفن في العراق القديم، ترجمة:عيسى سلمان و سليم طه التكريتي، بغداد.

**57**- محمد، أحمد كامل(1979)، "السور الداخلي لمدينة بابل الأثرية"، مجلة سومر،مج35، بغداد.

**58**- ميشائيل، لينا ولسن (2012)، الإلهة إنانا عشتار في الموروث الحضاري لبلاد الرافدين، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية الآداب، جامعة صلاح الدين، اربيل.

**59**- مطر،سليم (2021)، تاريخ العراق الأرض والشعب والدولة، ط1، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت.

**60**- النعيمي، راجحة خضر عباس(2011)، الأعياد في حضارة بلاد وادي الرافدين، دار صفحات للدراسات والنشر، دمشق.

**61**- الهيتي، قصي منصور عبدالكريم (1995)، عبادة الإله سين في حضارة بلاد وادي الرافدين، رسالة ماجستير غير منشورة كلية الآداب، جامعة بغداد.

**62**- وولي، ليونارد(1947)وادي الرافدين مهد الحضارة دراسة اجتماعية لسكان العراق في فجر التاريخ، ترجمة:أحمد عبدالباقي، بغداد.

دووەم: سەرچاوە ئینگلیزییەکان:

**63**- Aruz, Joan and Wallenfels, Ronald (2003), Art of the First Cities (The third Millennium B.C. from the Mediterranean to the indus), Second print, Yale University press, New Haven and New York.

**64**- Strommenger, Eva (1964), The Art of Mesopotamia, London.

## Stages of development of the art of Ziggurrat architecture in Mesopotamia (Some examples taken)

**Rukhsar Abdulghafoor Taha**
Department of Archaeology, College of Arts, University of Salahaddin, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
rukhsar.taha@su.edu.krd

***Keywords:*** Mesopotamia, Architecture art, Temple, Development, Ziggurrat.

## Abstract

Architecture is one of the most important aspects of civilization in Mesopotamia, as the ancient architecture left us various buildings in their shapes, function, and building materials. Mesopotamia is characterized by extreme religiosity, so most of the antiquities discovered in Mesopotamia have a religious character, as high Ziggurrat were built in major cities, when the god descends from the geaven, he is in a state of fatigue, then he rests in a room built at the top of the Ziggurrat, just as many cities in southern Mesopotamia are sacred cities, such as, the city of Uruk, Ur, Nippur, Sibbar, Larsa, and Burseba… ect.

This study is a field of research about the art of Ziggurrat architecture from the beginning to the last stages of development in Mesopotamia, Which goes through several stages and historical period. Ziggurrat is one attractive architectural phenomenon associated with temple building and religious center, appearing as an

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

integral part of the temple building, in many cities in Mesopotamia there are several numbers of Ziggurrat.

Of course, the appearance of the Ziggurrat building dates back to the end of the (Obaid period) the fourth millennium BC, it was simple in construction and built an a small layer, in later periods, it gradually developed from three layer until the last stage in the Neo-Babylonian period (Chaldean period) reached seven main layers, especially in terms of maps and architectural styles, in most Mesopotamian cities there were Ziggurrat, in some cities there were two or three Ziggurrat, each of which had a temple at the top dedicated to the main god of the city.

---

# مراحل تطور فن عمارة الزقورة في بلاد الرافدين

## (بعض نماذج مأخوذة)

**ملخص:**

تعد العمارة واحدة من اهم المظاهر الحضـــارية في بلاد الرافدين، اذ ترك لنا المعمار العراقي القديم ابنية متنوعة في اشـكالها وفي وظيفتها وفي مواد بنائها، يتصـف بلاد الرافدين بالتدين الشـديد، لهذا اغلب الآثار المكتشــفة في بلاد الرافدين لها طابع ديني، فقد شــيد الزقورات العالية في المدن الكبرى، فعند نزول الإله من السماء يكون في حالة تعب عندها يستريح في غرفة شيدت في أعلى الزقورة، كما أن الكثير من المدن في جنوب بلاد الرافدين هي مدن مقدسة، مثل مدينة وركاء، أور، نفر، سبار، لارسا، وبورسبا...الخ

هذا الدراســة حول فن العمارة الزقورة من نشــأتها وحتى مراحل تطورها النهائية في بلاد الرافدين، والتي تمر بعدة مراحل وعصــور التاريخية، الزقورة هي ظاهرة معمارية مرتبطة بمباني المعابد والمراكز الدينية، وتظهر كجزء لايتجزأ من بناء المعبد بان كجزء رئيســي من مباني المعابد، في العديد من مدن بلاد الرافدين هناك عدة أعداد من الزقورات.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

يعود أول ظهور مباني الزقورة إلى نهاية الفترة العبيد أي (الألف الرابع قبل الميلاد) في البداية من حيث البناء كان بيسطاً ومبنياً على منصة صغيرة، ثم في فترات لاحقة تطورت تدريجياً من ثلاث طبقات حتى وصلت المرحلة الأخيرة في العصر البابلي الحديث (الكلدانيين) إلى سبع طبقات رئيسية، خاصة من حيث الانماط والأساليب المعمارية، في معظم مدن بلاد الرافدين، كان هناك زقورة وفي بعض المدن كان هناك زقورتين إلى ثلاثة زقورات وكان لكل منها معبد في الأعلى طبقة مخصص للإله الرئيسى للمدينة.